Vision Foundation
for Strategic Studies

# دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی
# (VFSS)

**زنجیرەی توێژینەوە و پۆڵسیەکانی دامەزراوەی ڤیژن (VFRPS)**

ژمارەی بڵاوکراوە:VFSS-PP-2026-002

جۆری بڵاوکراوە: پۆڵسی پەیپەر

بڵاوکەرەوە: دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

بەرواری بڵاوکردنەوە: حوزەیرانی ٢٠٢٦

# بەباڵیۆزکردنی کلتور، بە باڵیۆزکردنی سلیمانی
## (لە پێناو کوردبون و بە وزارەتی دەرەوە کردنی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا)

**توێژەر**

د. محسن ئەدیب

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

زانیاری بڵاوکراوە

**بەباڵیۆزکردنی کلتور، بە باڵیۆزکردنی سلیمانی**
**(لە پێناو کوردبون و بە وزارەتی دەرەوە کردنی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا)**

توێژەر: د. محسن ئەدیب
دامەزراوە: دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی
زنجیرە: زنجیرەی توێژینەوە و پۆڵسیەکانی دامەزراوەی ڤیژن (VFRPS)
ژمارەی بڵاوکراوە: VFSS-PP-2026-002
جۆری بڵاوکراوە : پۆڵسی پەیپەر
زمان: کوردی (سۆرانی)

یەکەم چاپ: حوزەیرانی ٢٠٢٦
ISSN : لە چاوەڕوانی تەرخانکردن
DOI: لە چاوەڕوانی تەرخانکردن
www.visionfoundationiq.org
info@visionfoundationiq.org

**مافی لەبەرگرتن**
Copyright © 2026
Vision Foundation for Strategic Studies (VFSS)

**هەموو مافەکان پارێزراون**
هیچ بەشێک لەم بڵاوکراوەیە نابێت بەبێ مۆڵەتی پێشووی دامەزراوەی ڤیژن لەبەر بگیرێت یان بڵاو بکرێتەوە

**ئاگادارکردنەوە**
ئەو بۆچوون، شیکاری، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لەم بڵاوکراوەیەدا هاتوون تەنها بۆ نووسەر دەگەڕێنەوە و پێویست نییە ڕەنگدانەوەی فەرمی دامەزراوەی ڤیژن بن.

**شێوازی ئاماژەپێدان**
محسن (٢٠٢٦).

بەباڵیۆزکردنی کلتور، بە باڵیۆزکردنی سلیمانی
(لە پێناو کوردبون و بە وزارەتی دەرەوە کردنی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا)

Vision Foundation Research and Policy Series (VFRPS)
VFSS-PP-2026-002
Vision Foundation for Strategic Studies (VFSS). Sulaymaniyah, KRG
DOI: لە چاوەڕوانی تەرخانکرد

# بەباڵێۆزکردنی کلتور، بە باڵیۆزکردنی سلیمانی
# (لە پێناو کوردبون و بە وزارەتی دەرەوە کردنی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا)

## پوختەی توێژینەوە

ئەم پرۆژەیە لە بنەڕەتدا هەوڵدانێکی جیددییە بۆ قووڵکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و کوردبوون، بە ئامانجی ئەوەی کایەی ڕۆشنبیری و هونەری لە چوارچێوەی تەقلیدیی خۆی دەربهێنرێت و بکرێتە وزەیەکی کاریگەر بۆ بەدیهێنانی "دیپلۆماسیی کولتووری". مەبەست ئەوەیە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ئەرکە ڕووکارییەکان ڕزگار بکرێت و وەک دامەزراوەیەکی خاوەن ستراتیج وەک وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان، ڕۆڵی گێڕانەوەی چیرۆکی نەتەوەیەک بۆ جیهان بگێڕێت.

خاڵی دەستپێک و وێستگەی سەرەکیی ئەم نەخشەڕێگایە "شاری سلێمانی"یە. ئەم شارە بە پایتەختی ڕۆشنبیری و شاری داهێنانی ئەدەبیی جیهانی ناسراوە و هەڵگری توانستێکی بێوێنەی هونەری، ئەدەبی و فکرییە. بۆیە لەم قۆناغەدا، پێویستە وەبەرهێنانێکی درێژخایەن لەم سەرمایە مرۆیی و کولتوورییەی ناوشاردا بکرێت. لەم سۆنگەیەوە، سلێمانی تەنیا ناوچەیەکی جوگرافی نییە، بەڵکو دەبێتە ناوەندێکی ستراتیجی بۆ کۆکردنەوە و ئاڕاستەکردنی تەواوی توانا ئەدەبی و فکرییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان.
بە کورتی، سلێمانی لەم پرۆژەیەدا دەبێتە "بزوێنەر" و "لانکەی" داهێنانێکی نوێ، کە تێیدا هەموو کوردێک لە هەر کوێیەک بێت، بەرهەمەکەی لەم مەڵبەندەوە دەست بە گەشت دەکات. ئەم بەرهەمانە، کاتێک لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەکادیمی و هونەرییەوە دەخرێنە سەر ڕەفەی کتێبخانە جیهانییەکان و دەخرێنە ناو پانتاییە کولتوورییە زیندووەکانی دونیا، ئەوکات دەبنە باڵیۆزانی ڕاستەقینەی کوردبوون. ئەوان دەبنە ئەو هێزەی کە شکۆی نەتەوەیەک لە ڕێگەی وشە، وێنە، مۆسیقا و هزری کوردییەوە بە گوێی جیهاندا دەدەن.
ئەمە جۆرێکە لە "نەرمەهێز" کە دەتوانێت پێگەی کوردستان لە نەخشەی سیاسی و کولتووریی جیهاندا بەهێز بکات، بەو مەرجەی سلێمانی وەک دەروازەیەک بۆ گەیاندنی دەنگی نەتەوەیەک بەرەو دونیای دەرەوە سەیر بکرێت.

ستراتیجی دیپلۆماسیی کولتووری؛ ڕێگایەکی کردەیی بۆ بونیادنانی هێزی نەتەوەیی و بەدیهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی لە دونیای هاوچەرخدا کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەنیا لە چوارچێوەی هێزی سەربازی و ئابووریدا سنووردار نەکراون، نەرمەهێز وەک کۆڵەکەی سەرەکیی مانەوە و گەشەسەندنی نەتەوەکان دەردەکەوێت (Nye, 2004). بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەت وەک کورد، کولتوور نەک تەنیا ڕەنگدانەوەی ناسنامەیە، بەڵکو بەهێزترین باڵیۆزخانەی بێ دیواریشە کە دەتوانێت ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕ بکاتەوە کە بێدەوڵەتی بۆی دروستکردووین.

## بنەما زانستی و تیۆرییەکان

پشتبەستن بە تیۆرییەکانی نەرمەهێز، دیپلۆماسیی کولتووری پرۆسەی ڕاکێشانی ئەوانی دیکەیە بۆ سەر بەها و دۆزی نەتەوەیی لە ڕێگەی هونەر، ئەدەب و شارستانییەتەوە (Nye, 2011). ئەزموونی وڵاتانی وەک کۆریای باشوور دەیسەلمێنێت کە چۆن براندکردنی کولتووری دەتوانێت پێگەی سیاسی و ئابووریی نەتەوەیەک لە ئاستی جیهاندا دەیان هێندە بەرز بکاتەوە و وڵات لە گۆشەگیری ڕزگار بکات. بەپێی بۆچوونی (Harari, 2014)، مرۆڤ بەرهەمی خەیاڵ و بیرۆکەکانە و ئەمەش تەحەکوم بە چارەنووسی نەتەوەکان دەکات.

## بەڵگە و ئەزموونە ناوخۆییەکان

هەڵبژاردنی سلێمانی وەک شاری داهێنانی ئەدەبیی یونسکۆ (UNESCO, 2019)، بەڵگەیەکی فەرمیی نێودەوڵەتییە لەسەر بوونی توانستی مرۆیی و کولتووریی کورد بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم ئاراستەیە. سەرکەوتنی فیستیڤاڵە کولتووری و ئەدەبییەکان لە کوردستان، ئەو زەمینە لەبارەیەن کە ئێستا تەنیا پێویستیان بە یەکخستن و ئاراستەکردنی ئەکادیمی هەیە بۆ ئەوەی لە چالاکییەکی ناوخۆییەوە ببنە ڕووداوێکی کاریگەری جیهانی (Landry, 2008).

## پاڵپشتیی یاسایی و دامەزراوەیی

بۆ ئەوەی ئەم ستراتیجیە لە دۆخێکی ئینشاییەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستی کردەیی، ئەم هەنگاوانە پێویستن:
یەکەم، گۆڕانکاری لە پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی بەیاساییکردنی دەسەڵاتی دیپلۆماسیی کولتووری و ڕێگەدان بە ئەنجامدانی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ناوەندە کولتوورییەکانی جیهان (Pamment, 2013).

دووەم، دامەزراندنی سندوقێکی دارایی داکۆکیی کولتووری بە یاسا، کە داهاتەکەی لە ڕێگەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکانەوە دابین بکرێت، تاکو پرۆژە نەتەوەییەکان سەربەخۆیی داراییان هەبێت و تووشی قەیرانی بەشەخۆراکی حکومەت نەبن (Throsby, 2001).
سێیەم، دامەزراندنی پۆستی ڕاوێژکاری دیپلۆماسیی کولتووری لە نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، بە ئامانجی پێوانەکردنی کاریگەریی کولتووری لەسەر ڕای گشتیی نێودەوڵەتی و بەهێزکردنی لۆبیی کولتووری بۆ دۆزی کورد.

ئەم پرۆژەیە داڕشتنەوەیەکی زانستییانەیە بۆ ئەو هێزەی کە لە دەستی کورددایە و تا ئێستا بە تەواوی ئاراستە نەکراوە. کاتێک کولتوور دەبێتە باڵیۆز، ئیدی کورد لە بری ئەوەی تەنیا لە ڕێگەی کێشە سیاسییەکانەوە بناسرێت، لە ڕێگەی بەها مرۆیی و شارستانییەکانەوە دەناسرێت (Anderson, 2006). ئەمە حەتمیترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بێت بە شکۆوە سەیری ئیرادەی نەتەوەیی کورد بکات و دەوڵەتبوونیش وەک ئەنجامێکی سروشتیی ئەو پێگە مەعریفی و کولتوورییە بێتە دی.

ستراتیجی بەباڵیۆزکردنی سلێمانی؛ لە پایتەختی ڕۆشنبیرییەوە بۆ ناوەندی دیپلۆماسیی کولتووریی نەتەوەیی

سلێمانی تەنیا ناوچەیەکی جوگرافی یان شارێکی خاوەن نازناو نییە، بەڵکو مەڵبەندێکی بێوێنەی ژیار و داهێنانی مرۆییە. وەرگرتنی نازناوی پایتەختی ڕۆشنبیریی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣ و بەدەستهێنانی نازناوی شاری داهێنانی ئەدەبی لەلایەن یونسکۆوە لە ساڵی ٢٠١٩، نیشانەی متمانەی نێودەوڵەتی و دانپێدانانە بەو توانستە بێشومارەی کە لەم شارەدا کۆ بووەتەوە. پڕۆژەی بەباڵیۆزکردنی سلێمانی، پرۆسەیەکی ستراتیجیە بۆ وەبەرهێنانی کردەیی لەو ژێرخان و سەرخانە کولتوورییەدا، بە مەبەستی گۆڕینی داهێنانی ئەدەبی و هونەری بۆ وزەیەکی سیاسی و دیپلۆماسیی کاریگەر.

## فەلسەفەی بەباڵیۆزکردنی سلێمانی

مەبەست لەم پڕۆژەیە، دەرچوونە لەو چوارچێوە تەقلیدییەی کە شار تێیدا وەک یەکەیەکی دابڕاو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لێرەدا سلێمانی وەک پردێکی هزری کار دەکات کە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی کوردی لە قاڵبێکی ناوخۆییەوە دەگوازێتەوە بۆ پانتاییەکی جیهانی. بەم پێیە، هەر کتێبێک، هەر کارێکی هونەری و هەر ژانرێکی داهێنەرانە کە لە سلێمانیدا بەرهەم دێت، تەنیا خاوەندارێتییەکی کەسی یان ناوخۆیی نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە باڵیۆزی مەعریفیی کوردبوون لە دونیادا.

## ئامانجە ستراتیجیەکان

یەکەم، وەبەرهێنان لە توانستی مرۆیی: ئامانجی ئەم پڕۆژەیە ڕەخساندنی ژینگەیەکە کە تێیدا نووسەر و هونەرمەند و داهێنەری کورد، بەرهەمەکەی بە ستانداردێکی جیهانی بێت و بتوانێت لە ڕێگەی کۆنسێپتی باڵیۆزکردنی کولتوورەوە ڕووبکاتە ئاسۆکانی دەرەوە.

دووەم، خزمەتکردن بە کۆی کوردبوون: بەهێزکردنی سلێمانی بە واتای بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەییە لە هەموو پارچەکانی کوردستان. کاتێک سلێمانی بەرهەمێک دەنێرێتە دەرەوە و سەرنجی ناوەندە جیهانییەکان ڕادەکێشێت، ئەو سەرنجە ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر شکۆی نەتەوەی کورد و بەها مرۆییەکانی ئەم میللەتە.

سێیەم، پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی: ئەم پڕۆژەیە ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە بەهۆی بێدەوڵەتییەوە دروست بووە. کاتێک سلێمانی دەبێتە سەنتەری دەرکردنی کولتوور بۆ دونیای دەرەوە، ئیدی شارەکە دەبێتە «نوێنەرایەتییەکی ڕۆشنبیری» کە دەتوانێت دەنگ و ڕەنگی کورد بە شێوەیەکی نەرم و کاریگەر بگەیەنێتە ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا.

بەباڵیۆزکردنی سلێمانی، وەرچەرخانێکە لە بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرییەوە بۆ پلاندانانی ستراتیجی. ئێمە لەم پڕۆژەیەدا تەنیا خزمەتی شارێک ناکەین، بەڵکو دەروازەیەک بۆ ناساندنی نەتەوەیەک بە دونیا دەکەینەوە. بەم شێوەیە، سلێمانی دەبێتە قەڵایەکی هزری کە تێیدا بەرهەمی داهێنان، بەڵگەنامەی مانەوەی نەتەوەیەک دەبێت و پێگەی کورد لە نەخشەی ژیاریی مرۆڤایەتیدا چەسپ دەکات.

**بۆ رونکردنەوەی زیاتری پڕۆژەکە دابەشی دوو تەوەری دەکەین:**

**تەوەری یەکەم: لە سیمولەیشنەوە بۆ بەباڵیۆزکردنی سلێمانی؛ گێڕانەوە وەک بنەمای بوون**

**بەشی یەکەم: بنەما فەلسەفییەکانی سیمولەیشن؛ چۆن بیرۆکە واقیع دروست دەکات؟**

تیۆریی سیمولەیشن لە بنەڕەتدا تێڕوانینێکی نوێی زانستی و فەلسەفییە بۆ تێگەیشتن لە بوون. کرۆکی ئەم تیۆرییە بریتییە لەوەی کە ئێمە و هەموو ئەو واقیعەی تێیداین، لە بنەڕەتدا بەرهەمی گێڕانەوە یان چیرۆکێکین کە دەگێڕدرێتەوە. بە واتایەکی دیکە، بوون بەو مانایەی کە ئێمە وەک واقیعێکی ڕەها دەیبینین، تەنیا سیمولەیشنێکە. هەر وەک چۆن مرۆڤ بەرهەمی خەیاڵ و بیرۆکەکانە، بەو پێیەی یۆڤاڵ نوح حەراری بە شێوەیەکی زانستی سەلماندوویەتی؛ خەیاڵ و کۆنسێپتەکان زیاتر لە هەر شتێکی دیکە تەحەکوم بە چارەنووسی مرۆڤایەتییەوە دەکەن. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: بۆچی مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕەهای بیرۆکەکانەوە؟ وەڵامەکە لەوەدایە کە مرۆڤ خۆی لە بنەڕەتدا بەرهەمی خەیاڵە.

ئەو پێوەرەی کە مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ، شار دەکات بە شار، یان نەتەوە دەکات بە نەتەوە؛ قەبارەی جوگرافی، ژمارەی دانیشتووان، یان پێکەوەلکانی کۆمەڵێک بینا و بنەماڵە نییە. بەڵکو ئەوە "حیکایەت"، "کۆنسێپت" و "بیرۆکەکانن" کە ناوەڕۆک بە بوون دەبەخشن.

**لێرەدا جیاوازییەکی ئەنتۆلۆژی لە نێوان مرۆڤی نەرێنی و مرۆڤی ئەرێنی دروست دەبێت:**

مرۆڤی نەرێنی ئەو کەسەیە کە تەنیا یەک جار و بەبێ ویستی خۆی لەدایک بووە. بەڵام مرۆڤی ئەرێنی و ڕاستەقینە، ئەو کەسەیە کە بڕیار دەدات بۆ جاری دووەم و بەویستی خۆی، لە ڕێگەی بیرۆکە و کۆنسێپتێکەوە کە بۆ خۆی دای دەڕێژێت، لەدایک ببێتەوە. ئەم لەدایکبونەوە ئەرێنییە بۆ شار و بۆ نەتەوەش بەهەمان شێوەیە، شارەکان و نەتەوەکان بە حیکایەت و کۆنسێپت دەبنە شار و نەتەوە.

ئەم کێشە فەلسەفییە بۆ شار و نەتەوەش بەهەمان شێوە دروستە. شارەکان کاتێک لە ئاستی دەرەوەی بیناسازییەوە دەبن بە خاوەن حیکایەتێکی تایبەت، ئەوکات دەبنە شار. وەک نموونەیەکی حاشاهەڵنەگر، کۆنسێپتی "بە دوبەیکردنی هەولێر" دەتوانین بەکاربهێنین. ئەم کۆنسێپتە لە ساڵی ٢٠٠٩ـەوە توانی وێنەی زەینیی شارەکە بە تەواوی بگۆڕێت. پێش ئەو بەرواره، سلێمانی لە ڕووی بیناسازی و پێشکەوتنی شارستانییەوە پێشەنگ بوو، بەڵام کۆنسێپتی "بە دوبەیکردن" توانی واقیعێکی نوێ بۆ هەولێر دروست بکات کە ئێستا جیاوازییەکەی بە ڕوونی دەردەکەوێت.

لەم سۆنگەیەوە، پڕۆژەی بەباڵیۆزکردنی سلێمانی تەنیا هەوڵێکی بیناسازی نییە، بەڵکو گۆڕینی فەلسەفەی شارەکەیە. من لەگەڵ بەدوبەیکردنی سلێمانیدا نیم، چونکە بەدوبەیکردن تەنیا لە ڕووی ڕووکار و بیناسازییەوە کار دەکات، بەڵام "بەباڵیۆزکردنی سلێمانی" کۆنسێپتێکی قووڵترە؛ ئەمە بڵندکردنەوەی دیوار و باڵەخانەکان لەگەڵ بڵندکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤ، کرانەوە و ژیاندۆستی لە یەک کاتدا بەرجەستە دەکات.

بەباڵیۆزکردنی سلێمانی، واتە دروستکردنی حیکایەتێک بۆ شارەکە کە تێیدا مرۆڤ، هزری کراوە و کولتووری مرۆیی، بوونی سەرەکی بن. ئەمە ئەو "لەدایکبونەوە ئەرێنییە" کە سلێمانی دەگوازێتەوە لە شارێکی گۆشەگیرەوە بۆ مەڵبەندێکی جیهانی کە باڵیۆزی بەهاکانی کوردبوونە لە هەموو دونیا.

## بەشی دووەم: پێوەرە ڕاستەقینەکانی هەبوون؛ لە «بینەر»بوونەوە بەرەو «بینراو»بوون

پرسیاری بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە: بۆچی ئێمە پێویستیمان بە پرۆژەی «بەباڵیۆزکردنی سلێمانی» هەیە؟ وەڵامەکەی لە کێشەی «ئامادەیی نەتەوەیی» لە دونیای ئەمڕۆدا دەستنیشان دەکرێت. ئێمەی کورد لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، هێشتا وەک پێویست جێگەی خۆمان نەکردووەتەوە و ئامادەییمان لە ئاستێکی لاوازدایە. ئێمە لە زۆرێک لە کایە گەورەکانی مێژوو و ڕۆشنبیریی هاوچەرخدا، زیاتر لەوەی «بینراو» بین، «بینەر»ین؛ زیاتر لەوەی «گوتارمان» هەبێت و گوێمان لێ بگیرێت، تەنیا «گوێگر»ین.
ئەو ناسراوییەشی کە ئێستا هەیانە، ناسراوییەکی ناتەواوە؛ جیهان زیاتر بە چاوی «قوربانی» و «شەڕکەر» سەیری ئێمە دەکات. ئەم جۆرە ناسراوییە نەک هەر خزمەت بە پێگەی نەتەوەیی ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی شێواندنی ناسنامەی ڕاستەقینەی کورد وەک گەلێکی خاوەن ژیار و داهێنان. بۆیە، کاتی ئەوە هاتووە ئەم هاوکێشەیە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕین. پێویستە لە دۆخی «بینەر»بوونەوە تێپەڕین و ببینە «بینراو». ئەم گۆڕانکارییەش لە ڕێگەی وزەی سەربازی و سیاسییەوە بەدی نایەت، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی «کولتوور»، «هونەرە جوانەکان» و «ئەدەبیات»ـەوە مسۆگەر دەبێت.
ئامانجی ستراتیجی ئێمە ئەوەیە کە چیتر لە دونیادا وەک گەلی قوربانی یان شەڕکەر نەناسرێین، بەڵکو وەک گەلی «سینەماکار»، «مۆسیقار»، «شانۆکار»، «شاعیر» و «هونەرمەند» بناسرێین. کاتێک سلێمانی وەک باڵیۆزخانەیەک بۆ ئەم بەهایانە کار دەکات، ئیدی ڕێگەی دەگەینێتە ئەوەی کە جیهان بە چاوێکی جیاواز و شکۆدارەوە سەیری کورد بکات.
بەباڵیۆزکردنی سلێمانی، بە واتای گۆڕینی وێنەی زەینیی جیهانە بەرامبەر بە ئێمە. ئەمە پرۆسەیەکە بۆ ئەوەی کولتووری کوردی لە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە بێتە ناو چەقی ڕووداوەکان. کاتێک ئێمە لە ڕێگەی بەرهەمی هزری و هونەرییەوە لە دونیادا ئامادە دەبین، ئیدی پێویست ناکات داوای دانپێدانان بکەین؛ چونکە بەرهەمی کولتووری و داهێنانی ئەدەبی، خۆی باشترین و بەهێزترین بەڵگەی «هەبوون» و «بوون»ـی نەتەوەیەک دەبێت لە ناو کاروانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا (Castells, 2012).

## بەشی سێیەم: سەرخان و ژێرخانی دیپلۆماسیی کولتووری؛ ئاوەدانکردنەوەی جیهانبینی

ئامانجکردنی «بینراوبوون» و چوونە ناو ڕیزبەندیی نەتەوە خاوەن ژیارەکان، تەنیا بە ئارەزوو و خەیاڵ بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بە ژێرخانێکی ڕێکخراو و سەرخانێکی پڕ لە داهێنان هەیە. بۆ ئەوەی سلێمانی ببێتە «شاری باڵیۆزخانەی کولتووری»، پێویستە ئەم دوو ڕەهەندە بە شێوەیەکی سیستماتیک ئیدارە بدرێن:

### سەرخان؛ سیستەمی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن

سەرخانی ئەم پرۆژەیە لەسەر بنەمای «بەرهەمهێنانی بەردەوام» دادەمەزرێت. دەبێت کار لەسەر هەموو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان بکرێت؛ لە ڕۆمان و شیعرەوە تا سینەما، مۆسیقا، و هونەرە بینراوەکان. بەڵام بەرهەمهێنان بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبێت ستراتیجیەکی هەناردەکردنی نێودەوڵەتییمان هەبێت. ئەمەش لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەکادیمیی بەرهەمەکان بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان و ڕێکخستنی فیستیڤاڵی دەرەکی و بەشداریکردن لە پێشانگا و مەڵبەندە جیهانییەکاندا دەبێت، تاوەکو دەنگی کورد بەرهەم بە بەرهەم بگاتە ئەودیوی سنوورەکان.

**ژێرخان؛ «شاری باڵیۆزخانەی کولتووری» و دیپلۆماسیی ڕاستەوخۆ**

بۆ ئەوەی پرۆسەی بەباڵیۆزکردنەکە لە ئاستێکی کردەییدا بێت، پێویستە سلێمانی ببێتە میوانداریی فەرمیی نوێنەرایەتیی وڵاتان لە کایەی کولتووردا. پێشنیاری ئێمە بریتییە لە دامەزراندنی «شاری باڵیۆزخانەی کولتووری» لە سلێمانی؛ واتا شوێنێکی دیاریکراو کە تێیدا قونسوڵخانە و نوێنەرایەتیی وڵاتان بە شێوەیەکی فەرمی «گۆشەی کولتووری»ی خۆیان دابمەزرێنن.

**ئەم پڕۆژەیە لەسەر ئەم بنەمایانە جێبەجێ دەکرێت:**

**١.بانگهێشتنامەی فەرمی:**

بە لەبەرچاوگرتنی نازناوە فەرمییەکانی سلێمانی وەک «پایتەختی ڕۆشنبیری» و «شاری داهێنانی ئەدەبیی یونسکۆ»، فەرمانی فەرمی ئاراستەی قونسوڵخانەکان بکرێت بۆ ئەوەی گۆشەی کولتووری لە سلێمانیدا بکەنەوە.

**٢. ژینگەی ئاسانکاری:**

حکومەتی هەرێم و ئیدارەی پارێزگای سلێمانی ئاسانکاریی تەواو بکەن، لە تەرخانکردنی زەوی و دروستکردنی ئۆفیسی مۆدێرن بۆ ئەم نوێنەرایەتییانە.

**٣. ناوەندی گفتوگۆی شارستانییەکان:**

تەنیا بە دروستکردنی ئۆفیس ناوەستین، بەڵکو ئەم شارە دەبێت ببێتە مەکۆیەک کە تێیدا گەلەریی هونەری، هۆڵی سینەمای نێودەوڵەتی، و تەلاری گفتوگۆی شارستانییەکان لە تەنیشت یەکەوە کار بکەن.

کاتێک نوێنەرایەتیی وڵاتان لە سلێمانی گۆشەی کولتوورییان هەبێت، پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ جیهاندا لە دیپلۆماسیی کلاسیکەوە دەگۆڕێت بۆ دیپلۆماسییەکی ڕاستەوخۆ و زیندوو. ئەم ژێرخانە دەبێتە پردێک کە تێیدا کولتووری ئێمە بەرەو ئەوان دەچێت و کولتووری ئەوانیش دەهێنێتە ناو قووڵایی سلێمانییەوە. بەم شێوەیە، سلێمانی دەبێتە «سەنتەری دیپلۆماسیی کولتووریی هەرێمی»، شارێک کە هەم هەناردەکار و هەم وەرگری داهێنانی مرۆییە و ئامادەیی نەتەوەیی کورد لە دونیادا چەسپ دەکات.

**ڕەهەندە ستراتیجیەکانی شاری باڵیۆزخانەی کولتووری**

یەکەم: گەشتیاریی ڕۆشنبیری: کاتێک نوێنەرایەتیی وڵاتان و ناوەندە کولتوورییەکان لە سلێمانیدا گۆشەی تایبەتیان هەبێت، شارەکە دەبێتە مەنزڵگەی دیپلۆماتکاران، هونەرمەندان و گەشتیارانی پلەبەرز.

دووەم: ئابووریی شار و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی: دیپلۆماسیی کولتووری، دەروازەی دیپلۆماسیی ئابوورییە. کولتوور ڕێخۆشکەری ڕاستەوخۆیە بۆ هاتنی سەرمایەی بیانی.

سێیەم: سەقامگیری و ئەمنیی نەرم: لە زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەوەی ناوچەیەک پارێزراو دەکات، تەنیا هێزی چەک نییە، بەڵکو ئامادەیی نێودەوڵەتییە.

چوارەم: پێگەی سیاسی و داکۆکیی نێودەوڵەتی: سلێمانی کاتێک دەبێتە ناوەندی گفتوگۆی شارستانییەکان، دەبێتە ئەو شوێنەی کە بڕیاربەدەستانی دونیا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر یان گفتوگۆ بە ڕوویاندا دەکرێتەوە.

پێنجەم: گەشەی شارستانی و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی: دروستکردنی ئەو ژێرخانەی باسمان کرد وەک گەلەری، هۆڵی سینەما و تەلاری گفتوگۆ، لە بنەڕەتدا خزمەتگوزارییە بۆ خودی دانیشتووانی سلێمانی.

بەباڵیۆزکردنی سلێمانی، بە واتای گۆڕینی تێچووی کلتووری بۆ قازانجی ستراتیجیە. ئێمە بە بیانووی کولتوور، سیستمێکی ئابووریی نوێ، ژینگەیەکی ئەمنیی سەقامگیر و پێگەیەکی سیاسیی بەهێز بۆ شارەکەمان بونیاد دەنێین. ئەم شارە چیتر تەنیا شوێنێک نابێت بۆ ژیان، بەڵکو دەبێتە کەینۆنێکی سەرەکی لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ناوەندێکی کاریگەری ناساندنی کوردبوون لە دونیادا.

## تەوەری دووەم: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری؛ لە بەڕێوەبردنی کاتییەوە بۆ ئیدارەدانی ستراتیجی

### بەشی یەکەم: هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای کایەی کولتووری

دۆخی ئێستای کایەی ڕۆشنبیری و کولتووری لە سلێمانی، بە داخەوە دۆخێکی خۆبەخۆیی و بێ کۆنسێپتی ڕوونە. بێگومان داهێنانە تاکەکەسییەکان هەن، بەڵام وەک سێکتەرێکی بەڕێوەبردنی گشتی، کایەکە لە دۆخی بێ ئاڕاستەییدا دەژی. بەهۆی نەبوونی نەخشەڕێگایەکی زانستییەوە، وەک پێویست وەبەرهێنانی دیپلۆماسی، ئابووری، سیاسی و گەشتیاری لەم توانستە کولتوورییە نەکراوە. ئەمە وادەکات سلێمانی بەردەوام وەک شارێک بمێنێتەوە کە تەنیا بەرهەمهێنەری کولتوورە، بەڵام بەڕێوەبەری سەرکەوتووی بازاڕگەریی ئەو کولتوورە نییە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی.

### بەشی دووەم: ئاستەنگ و ڕێگرییە ستراتیجییەکان

١. تێگەیشتنی سنووردار بۆ کولتوور: یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکان، ئەو وێنە باوەیە کە بڕیاربەدەستان و سەرمایەداران و کۆمەڵگا سەبارەت بە کولتوور هەیانە. کولتوور هێشتا وەک چالاکییەکی لاوەکی و «کات بەسەربردن» دەبینرێت، نەک وەک پرۆژەیەکی نیشتمانسازی و نەتەوەسازی.
٢. نەگونجاوی یاسا و ڕێنماییە کارگێڕییەکان: یاسا و ڕێنماییە داراییەکان لە وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و دارایی، زیاتر لەوەی هاندەری داهێنان بن، بەربەستی کارگێڕین.
٣. کێشەی خەرجنەکردنەوەی داهات: بەڕێوەبەرایەتییەکانمان سەرەڕای کەمبوونی داهات، کێشەیەکی گەورەتریان هەیە کە ئەویش نەبوونی دەسەڵاتی خەرجکردنەوەی ئەو داهاتەیە لە پێناوی گەشەپێدانی کایەی کولتووری خۆیدا.
٤. نەبوونی بودجەی سەربەخۆ: لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە، بەهۆی نەبوونی یاسای بودجەی هەرێمەوە، دامەزراوە کولتوورییەکان تووشی ئیفلیجیی دارایی بوون. بێبودجەیی واتا نەبوونی پلانی ساڵانە و نەبوونی توانای بەرنامەڕێژی.

### بەشی سێیەم: لە ئاڵنگارییەوە بۆ دەستکەوت؛ ستراتیجی ڕزگاربوون لە قەیران و پێشنیاری کردەیی

سەرباری ئەو ئاستەنگ و ئاریشە ڕیشەییانەی لە بەشی پێشوو ئاماژەمان پێ کرد، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی لە دۆخی دۆشداماو و وەستاندا نەمایەوە. ئێمە بە تێگەیشتن لە قەیرانی بودجە و ڕووتێکردنی دارایی، تاکتیکی «فشار و دەستکەوت»ـمان بەکارهێنا. بە بڕە پارەیەکی زۆر کەم و لە ڕێگەی لۆبیی بەردەوامەوە لەگەڵ ناوەندە باڵاکانی بڕیار، توانیومانە جووڵەیەکی کەم وێنە لە کایەی

کولتووریدا دروست بکەین. هاوکات، پەنابردن بۆ کەرتی تایبەت وەک هاوبەشێکی ستراتیجی، گۆڕانکاریی گرنگی بەدواوە بوو؛ توانیومانە لە ڕێگەی «بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی»ـی کۆمپانیاکانەوە، پڕۆژەی گەورە ئەنجام بدەین، لەوانە: ئەنجامدانی دەیان فێستیڤاڵ و دیداری ئەدەبی و هونەری، نۆژەنکردنەوەی هۆڵی ڕۆشنبیریی چەمچەماڵ، دەستپێکردنی نۆژەنکردنەوەی هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی و سەرای سلێمانی، هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی شارەوانی، هەوڵدان بۆ پاراستن و دروستکردنەوەی خانوە کۆنەکان بە شێوازی تەلارسازیی ڕەسەن و کلاسیک.

## پێشنیازەکان

**١. سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایی:**
بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سلێمانی «پایتەختی ڕۆشنبیری»یە، پێویستە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە مەرکەزییەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەربهێنرێت و سەربەخۆیی تەواوی کارگێڕی و دارایی پێ ببەخشرێت.

**٢. هەمواری یاسایی و ڕێنماییەکان لەلایەن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە:**
داواکاریی ئێمە ئەوەیە کە یاسا و ڕێنماییەکان لە بەرژەوەندیی کایەی کولتووریدا شۆڕشگێڕانە دەستکاری بکرێن.

تێبینییەکی مێژوویی: پڕۆژەی «بەباڵیۆزکردنی کتێب و کولتوور» کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ـەوە نووسراوە و ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و ئەنجومەنی وەزیران کراوە، نەخشەڕێگایەکی سەردەمیانەیە.

### پلانی ستراتیجی سلێمانی ٢٠٣٥: نەخشەڕێگای کردەیی

**١. فەلسەفەی ستراتیجی:**
ئاسۆی ٢٠٣٥ پڕۆژەیەکی تەنیا کولتووری نییە، بەڵکو فەلسەفەی نەتەوەییە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی بێدەوڵەتی لە ڕێگەی دەوڵەتبوونی هزر و کولتوور.

**٢. پێکهاتەی هەنگاونان:**
سلێمانی دەبێت لە ناوچەیەکی جوگرافییەوە بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەی ئەندازیاریی دیپلۆماسی، لە ڕێگەی «ناوەندی داهێنانی جیهانی»، «دیپلۆماسیی نوێنەرایەتیی وڵاتان» و «سندووقی سەروەریی کولتووری».

**٣. نەخشەڕێگای جێبەجێکردن:**
قۆناغی یەکەم (ساڵی ١): دەرکردنی «فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران» بۆ بەخشینی سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایی بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی و دامەزراندنی «ئەنجومەنی باڵای دیپلۆماسیی کولتووری».

**قۆناغی دووەم (ساڵی ٢-٤):**
نۆژەنکردنەوەی ژێرخانە مێژووییەکان بە مۆدێلی تەلارسازیی زیرەک، دەستپێکردنی پڕۆژەی وەرگێڕانی ستراتیجی بۆ بەرهەمە نایابە کوردییەکان و کردنەوەی «ناوەندی سینەمای نێودەوڵەتی.

**قۆناغی سێیەم (ساڵی ٥-١٠):**

گەیشتن بە خود-بژێویی دارایی و بەستنەوەی سلێمانی بە تۆڕە جیهانییەکانی شارە داهێنەرەکان.

**٤. کۆتایی:**

ئێمە لێرەدا پڕۆژەیەک پێشکەش ناکەین بۆ «خزمەتکردنی کولتوور»، بەڵکو سیاسەتێک دادەڕێژین بۆ «بنیاتنانی هێز». سلێمانی ٢٠٣٥، ئەو شارەیە کە دونیا ناچار دەکات بە ڕێزەوە سەیری ناسنامەی کورد بکات. ئەمە ئەو کلیلەیە کە دەرگای داخراوی دنیای سیاسەت بە ڕووی کورددا دەکاتەوە.

## سەرچاوەکان

Anderson, B., 2006. Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. London: Verso.

Castells, M., 2012. Networks of Outrage and Hope. Cambridge: Polity Press.

Florida, R., 2014. The Rise of the Creative Class: Revisited. New York: Basic Books.

Harari, Y.N., 2014. Sapiens: A Brief History of Humankind. London: Harvill Secker.

Landry, C., 2008. The Creative City: A Toolkit for Urban Innovators. London: Earthscan.

Nye, J.S., 2004. Soft Power: The Means to Success in World Politics. New York: PublicAffairs.

Nye, J.S., 2011. The Future of Power. New York: PublicAffairs.

Pamment, J., 2013. New Public Diplomacy in the 21st Century. London: Routledge.

Throsby, D., 2001. Economics and Culture. Cambridge: Cambridge University Press.

UNESCO, 2019. Creative Cities Network: Mapping

### دەربارەی دامەزراوەی ڤیژن

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)، ناوەندێکی سەربەخۆی توێژینەوە و دارشتنی سیاسەتە. ئامانجی ئەم دامەزراوەیە بەرهەمهێنانی توێژینەوەی بەڵگەدار و شیکاریی ستراتیژییە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان.